## سەرۆك كۆمار پێشوازی لە باڵیۆزی هەنگاریا دەكات



سەرۆك كۆمار د.لەتیف جەمال رەشید ئەمڕۆ یەكشەممە 21-4-2024 لە بەغداد پێشوازیكرد لە بەڕێز ئێتیلا تار باڵیۆزی هەنگاریا لە عیراق و وەفدێكی یاوەری.

لە میانی دیدارەكەدا، سەرۆك كۆمار جەختیكردەوە لە گرنگی پەرەپێدانی پەیوەندییە دووقۆڵییەكان و فراوانكردنی هاریكاریی هاوبەشی نێوان هەردوو وڵات بۆ خزمەتكردنی بەرژەوەندییە هاوبەشەكان، هەروەها ئاماژەی بە پێویستی هاوئاهەنگی لەبارەی پرسەكانی جێبایەخی هاوبەش كرد بۆ چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.

هاوكات سەرۆك كۆمار جەختی لە گرنگی سودوەرگرتن لە شارەزایی و ئەزموونەكان كردەوە بە تایبەتی لە كەرتی كشتوكاڵ و بەڕێوەبردنی سەرچاوەكانی ئاو و بوارەكانی گەشتیاری و شوێنەوار و هونەریی.

لای خۆیەوە باڵیۆز ئێتیلا تار خواستی وڵاتەكەی بۆ پتەوكردنی پەیوەندییەكانی لەگەڵ عێراق و پەرەپێدانی هاریكاری و پاڵپشتیكردنی ئاسایش و سەقامگیری و دوبارە رۆڵبینینی گرنگی لە ناوچەكەدا راگەیاند.